# لە پەراوێزی رەخنەیەکی بەڕێز حسین عەبداڵی دا



22 cover

Shahin, 31, slåss för

Kvinnor flyr förtrycket i Iran. Bland bergen i norra Irak tar de till vapen i kampen för sin frihet.

Kampen

Därför flydde de från Iran



رۆژی2008/12/7 چەن دێڕێکم به ناوی **حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و چەتری سەربازی ئەمریکا** بۆ چەن سایتی ئەنترنێتی رەوانە کرد، ئەوانیش وەک جاران لوتفیان کرد و لە ریزی بابەتەکان دایان نا. رۆژی 12/10/ 2008 لە سایتی ئاشتی دا ئەو نووسراوەی خوارەوەم بە پێنووسی کاک حسین عەبداڵی خوێندەوە.

{ ڕە خنە ێک لە بە رێز سە عی سە قزی! بە رێز سە عی سە قزی لە نوسراوە ێکی خۆیدا بە ناوی( حیزبی کۆمونیستی ئێران و چە تری سە ربازی ئە مریکا)بە داخە وە لە بواری ئە منییە تیە وە ئوسول وپرنسیبی نە هێنیکاری سیاسی نە پارستوە!

لە پرسیاری یە کە میدا بێ موبالاتی دە کات وبە بێ ئە همییە ت نە دان بە تۆپبارانی شە ووڕۆژە ی پژدە ر و ناوچە کانی سە ر سنوری کوردستانی ئێران و عێراق لە لایە ن جمهوری ئیسلامیە وە؛ قامک دە خاتە سە ر نوکتە مە رکە زیە کانی کۆمە ڵە و حیزبی کۆمونیستی ئێران وهە ست و نیست وگیان و ماڵی ئە م تە شکیلاتە دە خاتە بە ردە ست و چاوی ڕژیمی جمهوری ئیسلامی و دژمنانی حیزبە وە. لە م بارە وە بە ڕێوە بە رانی سایتی ئینترنێتی ئاشتی و هە ڵوێستیش ڕە خنە یان لە سە رە کە نوسراوە کە ی بە رێز سە عی سە قزیان بڵاو کردۆتە وە !.
حسێن عە بداڵی 9.12.2008}.

لە پێشدا سپاس بۆ ئەوەی لوتفتان کرد و خوێنتانەوە. بە پێویستی ئەزانم سەبارەت بەو رەخنەتان روونکردنەوەیەک بخەمە بەر دەست ئێوە و دۆستانێک کە هەر دوو بابەتەکەیان بینیوە.

کاک حسین ئاماژە بەوە ئەکەن کە (**نهێنیکاری لەبەرچاو نەگیراوە، هەموو بەشەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە خراوەتە بەر دەست رژیمی جمهوری ئیسلامی و دوژمنانی حیزبەوە**).

لەو تێبینیەدا دوو هەڵە بەرچاو ئەکەوێت

<u>زۆر بە کورتی</u> سەبارەت بە هەڵەی یەکەم- حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و رێکخراوەی کوردستانی ئەو حیزبە- کۆمەڵە، لە **سەفرا و گەڵاڵە – مالومە – زرگوێز و سلێمانی بە نهێنی نەژیاوە!** خەڵک و رێکخراوە سسیاسییەکانی دەوربەریان سەردانیان کردوون، لەسەر کێوەکانی دەوربەری ئۆردووکانیان هەمە چەشە نیشانەی ئەو رێکخراوە بەرچاو ئەکەوت، و.................................. !

هەڵەی دووهەم سەبارەت بە جمهوری ئیسلامی.

لە کاری سادەی رۆژانەوە بگرە تا دەگاتە کاری گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، زەمانێ ئینسان لەو کارەدا بۆ پێشەوە ئەچێ و گەشە ئەکات کە زانیاری باش سەبارەت بەو کارە بەدەست بێ. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ ئەوە تێئەکۆشێ لە ئێراندا بەدەسەڵات بگات و دەسەڵاتی کرێکاری لە ئێران پیادە کات. هەر رێکخراوەیەکی سیاسی مافی خۆیەتی چ رێبازێ ئەگرێتە پێش. ئەو ئارمانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تەنیا بەنەمانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران ئەگاتە ئەنجام، نووسراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دروشمەکانی باشترین بەڵگەن بۆ ئەو باسە.

بلێی دەوڵەتی ئێران لە ماوەی تەمەنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا بەو ئارمانەی حیزبی نەزانی بێ و بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو بەرنامە هەوڵی نەدابێ؟ بە دڵنیاییەوە ئەڵێم کاک (حسین)یش لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەتی ئێران زانیویە. بلێی دەوڵەتی ئێران ئەوندە بێدەسەڵات و دەسەوسان و بێتجربە و ئەزموون بووبێ کە زانای سەربارەت بە ئوردووگای **حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوەی کوردستانی ئەو حیزبە – کۆمەڵە** نەبووبێ و لە رووی ئەو چەن دێڕە کە لە نووسراوەی **حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و چەتری سەربازی ئەمریکا** دا باسکراوە، ئاگاداری ئۆردووگای زرگوێز و ... ببێ؟

لێرەدا ئەبێ بڵێم کاک حسین یا دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانی نەناسیوە، یا بێلوتفی ئەکەن. کارنامەی دەوڵەتی ئێران و **ترۆرەکانی لە ئوتریش – ئاڵمان– قبرس– فرانسە – سوید – بونیسئاریس – ئەفغانستان – ترکییە – بەغا – مهاباد – سلێمانی – هەولێر – سنە – سەقز – ورمێ – ..... و لە ئوردووگای ڕێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و  مین دانان لە بەر درگای ئوردووگاکەی و .................** نیشانەی زانیاری دەوڵەتی ئێرانە !

لێرەدا سەرنجی کاک حسین و خوێنەران رائەکێشم بۆ ئەو چەن دێرەی خوارەوە.

| | |
|---|---|
| **ئەو سێ سال پێش شارەکەی خۆی لە ئێران بەجێهێشت بۆ ئەوەی لە دەرەوە ببێ بە پێشمەرگە.** | **För tre år sedan flydde hon sin hemstad i Iran – för att bli peshmerga i exil.** |
| **هەزاران ئێرانی هەوراز و نشێوی کێوەکانیان بڕیوە، خۆیان گەیاندوەتە ژێردەسەڵاتی کوردی لە ئێراق، لەوێ ئازادی بیروباوەڕ زیادترە.** | **Tusentals iranier har flytt över bergen till den kurdiska regionen i Irak, där åsikts och religionsfriheten är större.** |
| **کۆمەڵە، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تەنیا ڕێکخراوەیەکە کە لە ئێراندا بە نهێنی چالاکی ئەکات.** | **Komala , Iranska kommunistiska partiet, har endast underjordisk verksamhet i Iran.** |
| **سەرکردایەتی و کۆمیتەناوەندی ئەم حیزبە وا لە ئوردووگایەک لە دەرەوەی سلێمانی لە سەروی ئێراق دا.** | **Huvudsätet och partistyrelsen finns i ett flyktingläger utanför Sulymaniyya i nordöstra Irak .** |
| **ئۆردووکاکە سەربازی خۆی هەیە و پەناگایشی هەیە، هەروەها کاناڵێکی پەخشی تەلەڤیزیۆنی و سێ دەزگای پەخشی رادیۆیشی هەیە.** | **Lägret har egna soldater och skyddsrum men också en tv station och tre radiokanaler.** |
| **ئەم ئۆردووگا وا لە دڵێ کۆمەڵە کێوێکی بەرزدا کە هێزی پێشمەرگە پارێزگاری لێئەکات.** | **Det ligger mellan höga bergstoppar där styrkor med beväpnade prshmergasoldater ständigt håller vakat.** |
| رۆژنامە مترۆ – هەینی – 2007/12/7 | Metro – fredag 2007 – 12 – 07 |

شاید کاک حسین هەمان رەخنە لەو ژورنالیستەی مترۆیش بگرێت کە بە **فلاشی سوورەوە** ئەو ناوچەی کە ئۆردووگاکەی لێیە بۆ دەوڵەتی ئێران، دەسنیشان ئەکات.

هیوادارم دۆستان لە هەڵەی وەرگێڕانی ئەو چەن دێڕەی مترۆ و ... یارمەتیم بکەن.

2008/12/11 سەعی سەقزی

qayshi@yahoo.com